سەرکردەی ڕاستەقینە کێیە و کاریزمای ڕاستەقینە کێیە؟ لیشیك کۆلاکۆفسکی لە ساڵی 1927 دا لە شاری " ڕادۆم " لە پۆڵەندای ئێستادا هاتۆتە دونیاوە. تەمەنی دوانزدە ساڵان دەبێت کە شارەکەی دەکەوێتە بەر شاڵاوی هێرشی سوپای نازی لە لایەك و سوپای سووری ستالین لە لایەکی ترەوەو لە نێوان خۆیاندا دابەشی دەکەن. باوکی لە لایەن "گۆستاپۆ"وە دەسگیر دەکرێ و دەکوژرێ. لە تەمەنی بیست ساڵیدا دەبێت بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی پۆڵەندا و ڕوو لە خوێندنی فەلسەفە دەکات بە مانا مارکسییەکەی و بە پەیڕەوی لە قسەکەی مارکس کە وتوویەتی " ئایین تلیاکی گەلانە" دەست بە دیراسەکردنی ئایین دەکات بە مەبەستی ڕەخنەلێگرتنی و بەمجۆرە بە هزری کەسانێکی وەکو تۆماس ئاکویناس و ئیراسمۆس و مارتن لوتەر و سپینۆزا ئاشنا دەبێت. ئەو تا کۆتایی ساڵانی پەنجاکان یەکێك دەبێت لە بەرگریکارە سەرسەختەکانی مارکسیزم . بەڵام لە ساڵی 1966 دا بە تاوانی بەرگریکردن لە ئازادیی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتنی ئاشکرای حیزبی کۆمۆنیست لە حیزب دەردەکرێ و پاشانیش لە زانکۆش کورسیی مامۆستایی لێ دەسێنرێتەوەو دوای ئەوەی گوشارێکی زۆریشی دەخرێتە سەر لە ساڵی 1968 دا ناچار دەبێت پۆڵەندا جێبێڵێت و بچێت بۆ کەنەدا و لەوێ لە زانکۆی ماکگیل مۆنتراڵ دەبێتە مامۆستا. کۆلاکۆفسکی یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە ناخرێتە قاڵبێکی فیکری و فەلسەفیی دیاریکراوەوە. ئەو دواتر بوو بە یەکێك لە ڕەخنەگرە توندەکانی ئایدیۆلۆجیا و سیستمە تۆتالیتارەکان. کۆمەڵێك وانەی بچووك سەبارەت بە بابەتی گەورە. ئەو لە ساڵی 2009 دا کۆچی دوایی کرد. ئەم بابەتەی یەکێکە لە دوایین موحازەرەکانی . وەرگێڕی کوردی بەمانای فەڕی یەزدانی، توانای کارکردنەسەر کەسانی دی، شیفا بەخشین، پێشبینی، بەکارهێنانی عەلمانییانەی کاریزما، پتر لە هەمووان دەگەڕێتەوە بۆ ماکس ڤێبەر (کۆمەڵناسی ئەڵمانی 1864– 1920). هەرچەندە ئەو یەکەم کەس نەبوو ئەوەی بەکارهێنا. یان سەرکردەیەکی کاریزماییە. تەنانەت وەختێ باس لەکاریزمای دینیش دەکەین، سەرچاوەی ئەقڵی– یاسایی، هەروەها لەڕێی باوەڕبوونی خەڵکەوە بەسەرچاوەگەرێتیی ئەخلاقیانەی تاکەکەسێك. لەم نووسینەدا، گرنگ جیاوازیکردنە لەنێوان دەسەڵاتەکانی سیکیولار کە لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی ئەقڵانی و مەنتیقی ڕاوەستاوە، وەستای چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل بەلای منەوە خاوەن دەسەڵاتێکە لەبەرئەوەی لەلێهاتوویی و زانستێك بەهرەمەندە کە من لێی بێبەشم، هەربۆیە من لەڕووی ئەقڵ و دوربینییەوە چاوەڕوانیی ئەوەی لێ دەکەم کە ئەو لێهاتوویی و زانستەی بەکاربەرێت و ئۆتۆمبێلەکەی من چاك بکاتەوە. دەتوانین ئەم ئەنجامگیرییە بەسەر گەلێ توانا و کارامەیی تردا بچەسپێنین. خەسڵەتی سەرەکیی ئەمجۆرە سەرچاوەگیرییە ئەوەیە کە من دەتوانم وێنای ئەوە بکەم کە منیش ئەگەر هەوڵ و تەقەللایەکی زۆرم بدایە دەمتوانی فێری چاك کردنەوەی ئۆتۆمبێل بم، هەرچەندە لەم بوارانەدا بەهرەمەند نیم. جگە لەوە، هەندێجار وەستای ئۆتۆمبێلەکە یان وەرگێڕە ناوبراوەکە گەر کاتیان نەبێت کارەکەم بۆ ئەنجام بدەن، سەرچاوەگەرێتییەکە کە بەشێوەیەکی ئاسایی، بە جۆرێکی ترە. و منیش هەرچەند هەوڵبدەم نە دەتوانم فێری ئەو کارامەییەی ئەو بم و نە دەتوانم بە شێوەیەکی کاریگەریش لاسایی بکەمەوە. گەرچی مەرج نییە ئەم باوەڕەم وا بە ئاشکرا دەربڕم، کەسێتییەکە بەرلەوەی هێشتا دەمی کردبێتەوە، باوەڕمان بە ڕاستی و دروستیی هەموو قسەکانێتی. گەرچی مەرجیش نییە هەمیشە، لەکاتی قەیرانە گەورەکان و موسیبەتە کۆمەڵایەتییە گەورەکاندا دەردەکەون، ئەو کاتانەی کە هەستی دڵەڕاوکێ و بێورەیی و نائومێدی بەسەر خەڵکدا زاڵە. سەرکردە کاریزماتیکەکان لە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان و چاوەڕوانیی خەڵك و هێزی تایبەتی خۆیان دروست دەبن. لەبەرئەوە، ئەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە پێداویستی بە بوونی سەرکردەیەکی کاریزمایی دەهێننە ئاراوە، هەندێجار بە تەنها بوونی خۆیان (واتە بە تەنها بوونی هەلومەرجەکە) بۆ سەرهەڵدانی کەسێتییەکی وەها بەس نییە، بەتایبەتیش ئەگەر کەسێکی گونجاو بۆ بینینی ئەو دەورە لە میاندا نەبێت. کەم تا زۆرێك سەقامگیرە و پلانداره، لەو حاڵەتانەدا پێداویستی بۆ سەرکردەی سیاسی کاریزمایی و کەسانێك لەئارادا نییە کە لەوانەیە بیانەوێ ئەو پایەیە بەدەست بهێنن. ئەوانە، هیتلەر پێشەوایەکی کاریزمایی باڵا بوو. تەنانەت بەرلەوەی جڵەوی دەسەڵاتیش لە وڵاتدا بگرێتە دەست، بەشێکی زۆری خەڵکی خستبووە ژێر سیحری خۆیەوە و بۆماوەیەکی تا ڕادەیەك درێژ توانیی لە یەك کاتدا دوو دەور ببینێت: ڕۆڵی پێشەوایەکی کاریزمایی و ڕۆڵی فەرمانڕاوایەکی زۆردار و بێبەزەیی. دیکتاتۆرەکانی هاوسەردەمی ئەو، هەروەها لینین و ترۆسکی و ماوتسی تۆنگ و فیدڵ کاسترۆش. هەروەها بۆ ماوەیەك لە ماوەکان ژەنەراڵ دۆگۆلیش هەر وابوو. لەو پێگەیە بەرخوردار بوو. پێگەیەکی هەمیشەیی نییە: دەشێ ئەو پێگەیە لە دەست بدرێ. لخ ڤالنسا سەرکردەیەکی کاریزمایی بوو، یەکێك بوو لە سەرکردە کەمەکانی پۆڵەندای پاش جەنگ، بەڵام نەیتوانی ئەو شکۆمەندی و ناوبانگە بپارێزێت. هەڵبەتە هیچ سەرکردەیەك نییە لەلای هەموو خەڵك ئەفسونگەر و پڕ کاریگەری بێت. بۆ نموونە، هیتلەر نەیتوانی ڕۆحی هەموو ئەڵمانیەکان داگیر بکات. وەکو گیڤارا. گوێنەدانە هیچ شتێك، خۆپەرستی و لەخۆباییبوون. سەرکردەی کاریزمایی دەشێ کەسێکی خوێندەوار یان نەخوێندەوار بێت. وەکو هەموو مەسەلە مرۆییەکانی دی، لە ئێستادا، گەر

lakhasly.com © تم تلخيص النص بواسطة موقع لخصلي

قەرار بێت سەرکردەی کاریزمایی پەیدا ببێت، دەشێ سەرهەڵدانی لەدوای کارەساتی چاوەڕواننەکراوی کۆمەڵایەتی یان ئابوورییەوە بێت، ئەمەش لە حاڵەتێکدایە کە ئێمە هەرگیز دڵنیا نین لەوەی کارەساتی وا ڕوو نادەن. کە دەکرێت پتر پشتی پێ ببەسترێت. کە تێیدا چارەنووس و ئایندەمان بەتەنها بە هەڵسەنگاندن و خەملاندنەوە نەبەسترابێتەوە. بەڵکو بەڕێکەوت، لە واقیعدا، بەسترابێتەوە بە ئامادەگیی ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە بۆ قوربانیدان و گیانفیدایی – هەروەکو چۆن لەمێژوودا شتی لەمجۆرەمان بینیوە – لە حاڵەتێکی وادا پەیامی سەرکردەیەکی کاریزمایی لە هەموو شتێك کاریگەرترە و دەتوانێت هێزێکی ئەخلاقیی گەورە ڕێکبخات.
سەبارەت بەو کارەساتە سروشتییانەی کە لە دەیەکانی ئایندەدا ڕووبەڕوویان دەبینەوە: گەرمبوونی گۆی زەوی، کۆتاییهاتنی زەخیرەی سووتەمەنی، هەڵکشانی ئاستی ئاوی دەریاکان، نوقمبوونی لەندەن و نیویۆرك و شتی لەم بابەتە. لەگەڵ ئەمانەشدا، لەبەرئەوەی بەردەوام خاوەنی هێزێکی وایە کە دەتوانێت تۆوی دەمارگیری و ڕق و نەفرەت بچێنێت. ئەوەی پێویستمان پێیەتی کەسانێکی سیاستمەداری ئاوەزمەند و سەر ڕاست و ئابڕوومەندە کە هاوسۆز و دڵسۆزی خەڵك بن، پڕ نەبن لە ڕق و کینە و گرێی دەروونی. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا گەوهەرێکی دانسقە و دەگمەنە. وێنەی سەرکردەی سیاسیی کاریزمایی دەشێ سیمای سیاسەتمەداری عەوامگەرا (پۆپۆلیست) مان بهێنێتەوە یاد. سیاسەتمەداری عەوامگەرا کەسێکە بەتەنها بەوەوە ڕاناوەستێت کە بە نەغمەی جیاواز ئەم دروشمە دووبارە بکاتەوە: "دەسەڵات بدەنە دەست من، تا من مشووری کاروبارەکانتان بخۆم". بەڵکو لە هەمان کاتدا کەسێکیشە کە هەموو بیر و خەیاڵی لای ئەوەیە گوێ بۆ سەرەتاییترین بەناو خەونەکانی خەڵك ڕادێرێت، و گرنگی بەو خواستانەشییان بدات کە لاوازترین بنەمای ئەقڵانییان هەیە، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە لەڕاستیدا چی لەتوانادا هەیە بکرێ و یان چ شتێك لە ڕاستیدا لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا و وڵاتدایە. بەم پێیە، خۆ ئەگەر کەمێك زۆرزان و زرنگیش بێت، دەتوانێت پشتیوانییەکی باشیش بۆ خۆی بە دەست بهێنێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە سیستمی دیموکراتدا بەختێکی زۆری نابێت تا بەم شێوازە بۆ ماوەیەکی درێژ دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت، لەبەرئەوەی زۆر زوو ئەوە ئاشکرا دەبێت کە هەموو بەڵێنەکانی درۆ و پووچ بوون. وێنەیەك کە لە باوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت و دەبێتە مایەی خوڵقاندنی فیداکاری و قوربانیدان. هەر بۆیە عەوامگەرایی و کاریگەریی کاریزما یەك شت نین. کەسانێك هەن کە لە سەرچاوەگەرێتییەکی کاریزمایی بەهرەمەندن و ئێمە بە ڕاستی پێویستمان پێیان هەیە. پارێزەر و هاریکار دەبینن. بەڵام جۆرێکی تایبەت لە مامۆستا: زیاتر فێرکارێك یان مورشیدێك، نەك مامۆستایەکی ئاسایی. بەڵکو لە ڕاستیدا کەسێتیی خۆیان لە ناوەڕۆکی بیرو بۆچوونەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، بەتایبەتیش گەر ئەوەی دەیانەوێ بیگەیەنن لایەنێکی ئەخلاقی یان ئایینی بە خۆوە گرتبێت. کاتێك فێرکردن بە تەنها بریتی بێت لە زانیاری یان بۆ نموونە ماتماتیك، لەم حاڵەتەدا کەسی مامۆستا بایەخێکی ئەوتۆی نابێت. ئێمە وەختێ پشت بەو مورشیدانە دەبەستین کە بە ڕاستی شایستەی ئەوە بن شتمان فێر بکەن و ڕۆحمان دەوڵەمەند بکەن. ئێمە پێویستمان بە مامۆستای لەمجۆرە هەیە، لەبەرئەوەی لە ڕۆحماندا شتێك هەیە کە هەمیشە لە دۆخی منداڵی و نا باڵقبووندا دەمێنێتەوە: بە سروشت حەز دەکەین بەرپرسیارێتی نەگرینە ئەستۆی خۆمان، یان لانی کەم فێرمان بکات چۆن بڕیار بدەین. دەشێ ئەم فێرکردنە کۆمەڵێك بواری جۆراوجۆر بگرێتەوە. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش، ئەو مامۆستایە خۆی دەبێ عاشق و ستایشکاری ئەو بابەتە بێت کە دەیڵێتەوە. هەروەها بابەتی وتنەوەکە دەشێ مێژووی هونەر یان فیزیا بێت. ئەی ئاخۆ ئەوە بەسەر بواری تیۆلۆجی (خوداناسی) یشدا دەچەسپێت؟ زۆر دڵنیا نیم. ئەگەر مەبەستمان لە خوداناسی بوارێکی زانکۆیی بێت نەك زانستی کەلام، لەم حاڵەتەدا ڕۆڵی مامۆستای کاریزمایی کاریگەر و دیاریکەرە، بەڵام خوداناسییەکی سیستماتیك؟ دڵنیا نیم لەوەی بایەخ بە کام بابەتانە دەدات. لێم پرسی "بۆ کوێ دەچێت؟" وتی "سیمینارم هەیە. بە سەرسوڕمانەوە وتم "دەربارەی خوا و لەمێزگردێکی کۆلێجی خوداناسیدا؟ ئەمە شتێکی سەیرە، لە ڕاستیدا ئەمە جۆرێکە لە زێدەڕۆیی. تەنانەت ئەو کوڕە منداڵەش بە هەند وەرناگرین کە خۆی وەکو نێردراوێکی گۆدۆ دەناسێنێت. " کاراکتەرەکانی بێکیت بۆ چەند ساتێك بیر لەوە دەکەنەوە کە خۆیان هەڵبواسن، بەڵام سەرەنجام لە هەمان شوێنی خۆیان دەمێننەوە و هەر چاوەڕوان دەبن و هەر ئومێدەوار دەبن. دەبووایە بۆ خۆکوشتن هانی بداینایە، لەگەڵ هەموو ئەمەشدا ڕەنگە هەقمان بێت بۆ ئەوە بچین کە لە قووڵایی بوون و ڕۆحی نووسەرەکەدا، تروسکاییەکی ئومێد هەبووە، گەرچی کزیش بووبێت. لەبەرئەوەی کارەکانی گەڕانن بەدوای خواوەندا. ئەو هەمان بۆچوونی سەبارەت بە بێکیت و بەرهەمەکانی بێکیتیش هەیە. ئاخۆ ئەم قسەیە ڕاستە؟ بەڵام دواجار ناچاریشین لێکدانەوەی تایبەتیی نووسەریش بۆ کارەکانی بەهەند وەربگرین. بەڵام ئاخۆ قسەکردن لەسەر کام ئومێدەیە؟ لەتوانامانداندا نییە پێناسەی بکەین. لەگەڵ ئەمەشدا، مانای ڕاستەقینەی خۆیان هەیە، گەرچی ناتوانین لە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانەمانەوە ئەم مانایە هەڵبهێنجین. باوەڕێکی لەمجۆرە هەڵگری شتێکە کە بەهادارترین بەخششی خودایانە: باوەڕ بە ژیان. مەبەستمان لە باوەڕ چاوەڕوانکردنی شتێك نییە کە

lakhasly.com © تم تلخيص النص بواسطة موقع لخصلي

بتوانرێ بەشێوەیەکی مەعقول و مەنتیقی بسەلمێنرێ، بەڵکو بە مانای ئەو باوەڕە دێت کە یەکێك لە حەوارییەکانی مەسیح، واتە قدیس پۆڵ، لە نامەکانیدا باسی لێ دەکات. بەڵکو جیهانگیرە و بە زەمەنەوە وابەستە نییە، واتە هەموو ئەو شتانەی کە هەم مایەی خوڵقاندنی بەختەوەرین و هەم مایەی دەرد و ئازارن. باوەڕ بە ژیان ئێمە بەرامبەر بە دەرد و ئازار و بەدبەختی و چەرمەسەرییەکانی بوون ناپارێزێت، بەڵام سەرچاوەی هێزێکی دەروونییە کە وامان لێدەکات بتوانین بەبێ هەست کردن بە نائومێدی، ئێمە ناتوانین ئەوە بسەلمێنین ـ بە مانا زانستییەکەی سەلماندن ـ کە بوونەوەرەکان هەڵگری مانان. بەڵام دەتوانین ڕووبەڕووی هەندێ نیشانەی بەرهەست ببینەوە، وەکو کوڕە منداڵەکەی ناو شانۆنامەکەی بێکیت کە دووجار دەردەکەوێت، بە تەواوی نکووڵی لەوە دەکات کە جارێکی دی هاتبێت و ئەوانی تری دیبێت، لە کاتێکدا بینەران دەزانن کە هەمان کوڕە منداڵەکەی جاری یەکەمە. بەلای ئێمەوە ئەو مانایەی ئەم کەسێتییە لەناو خۆیدا هەڵیگرتووە، بەڵام بوونی ئەو پێماندەڵێت کە ڕەنگە ئەو لافەی لێی دەدات گوایە لەلایەن "گۆدۆ"وە هاتووە، تەواو بێ بنەما نەبێت. ئەگینا لە کوێوە هاتووە و کێ ئەوی ناردووە؟ گەرچی ئەو هەستەی کە بوونەوەران مانایەکی هەمەگیر دەگرنە خۆ پێویستی بەوە نییە بخرێتە تیۆرییەکەوە یان ڕێبازێکەوە کە لە ڕووی ئەقڵەوە قابیلی قبووڵ بێت، بەڵام دیسانەوە هەر لەڕووی ئەقڵیشەوە هەستێکی بێوەر نییە. هەڵچوونێکی ڕێکەوت و خاڵی لە مانا نیە کە هۆشی ئاوەزگەرا ناچار بێت ڕەتیبکاتەوە. بەچاوپۆشینیش لەوەی کە ئەم هەستە بەشێوەیەکی ئاگامەندانە قبووڵ کراو بێت یان نا، بەڵام ڕیشەی داننان بە بوون و جەختکردنەوە لەسەر بوونی تیایە، سەرباری هەموو ترس و دڵەڕاوکێکانی. بەشێوەیەکی گشتی پێویستمان بە ڕێنوێنێکی کاریزمایی هەیە تا ئەو هەستەمان تیا بڕسکێنێت.

تم تلخيص النص بواسطة موقع لخصلي © lakhasly.com